# چاوەکانی درکاندنی نهێنیەکانی عاشقێک

# چاوەکانی




رۆمانی بوزورگی عەلەوی
ئازاد بەرزنجی وەریگێڕاوە

**ئاریز**

کاتێك عشق دەخزێتە ناو هەموو پنتەکانی کەسێك، یان کۆمەڵگایەکەوە، ڕووداوەکانیش جوانترو باشتر دەچنە پێش، بەتایبەتی لەحاڵەتی قوربانیداندا گەر لەپێناو (ئەوین) دا بێت ئەم عشقە نمونەیی و جاویدانی دەبێت و دەمێنێتەوە، وەکو لەم رۆمانەدا دەردەکەوێت.

لەم رۆمانەدا عشق بەشێوەیەك باڵی بەسەر پێکهاتەکانی تری رۆمانەکەو تەنانەت بەسەرچەمکی (سیاسەت، سۆزانیەت، پارەو ستەم و چەوسانەوە، ئازارو زیندان و نەخۆشی و خەباتی نهێنیدا گرتوە).

فەزایەکی وا دەدات بە رۆمانەکە، خوێنەر ناتوانێ لەگرنگی ئەم عشق و سیاسەتە خۆی بەدوربگرێت.

تا بەرادەیەك تێکەڵکێشن چۆن سیاسەت دەبێتە پەیوەندی نێوان دووکەس و عشق پیرۆز دەکات، بەهەمان شێوە هەر خودی سیاسەتیشە هەردووعاشق بەچارەنوسێکی نادیار دەگەیەنێت، بەڵام بەدەر لەرازیبوونی خۆیان، تابلۆیەك ئەو رازە سیحراویانەی ئەو عشقە دەگێڕێتەوە.

راستە لەوڵاتێکدا کەستەم و چەوسانەوە هەبێت مانەیەك بۆ عشقیش نامێنێت، بەڵام گرنگی و جوانی عشقیش لەوکاتەوە

دەردەکەوێت کەچۆن دەتوانێ جوانیەکانی عشق لەو بارودۆخە.
پڕ لەمیحنەتەدا بدۆزێتەوە وەکو (فەرەنگیس وماکان)دەیدۆزنەوە.

*　　*　　*

**کات : سەردەمی رەزاشا.**
**شوێن : تاران**
**روداو : بەسەرهاتی شۆرشگێرێکی ئازاو نیگارکێشێکی بەتوانا و عاشقبونی کچێکی دەوڵەمەند و پڕ کەیف و سەفاکەخۆی لێ ونبوە.**
**ئاکام : شۆرشێکی عاشقانە روداوێك دەخولقێنێت و رۆمانێکی لێ بەرهەم دێت بەناوی چاوەکانی**

*　　*　　*

مامۆستا ماکان مرد، بەڵام لەغوربەتدا و هەندێکیش دەیانوت خۆشەویستی ئافرەتێك بەو دەردەی گەیاندو روناکبیران بۆچونیان وابوو، کە عشق ژیانی ئەوی دایە دەست مەرگ
ئەمە سەرەتای رۆمانی چاوەکانە، کە دەکرێت هەرسێ بۆچونەکە راستبن، لەبەرئەوەی عشق و ژیان و دوری لەفەرەنگیس و عشقی بۆ ژیان، هەرسێکیان مامۆستایان بەو رۆژە گەیاند.
بەڵام چارەنوسی مەرگی ماکان وادەکات فەرەنگیس بڵێ" مامۆستا منی بەم رۆژە گەیاندو ئەم چاوانە هی من نین"
ماکان ئەو کەسەی هەموو قوربانیەکیدا، لەپێناو رزگاری وڵات و بەدیهێنانی ئازادی و کاری سیاسی و زۆریش عاشق بوو بە فەرەنگیس تا ئەو رادەیەی تابلۆیەك بۆ چاوەکانی فەرەنگیس بکێشێت و ناوی بنێت تابلۆی (چاوەکانی).
عشقی ماکان بۆ فەرەنگیس هێندە سیحراویە، ئەوکاتەش ماکان دوردەخرێتەوە بۆ کەلات و لەغوربەت فەرەنگیسی لەیاد ناچێت و ئەو تابلۆیە دەکێشیت، ئەگەر چی فەرەنگیس پاش ئەو هەموو سەرکێشی و رابوادنە، توشی عشقێکی وەها دەبێت، کەجیاواز لەعشقەکانی پێشوو، کەپڕبون لەسەفاو رابواردن و کات بەسەربردن.
"عشقێك پڕ لە ژان و کێشەو مەترسی و بێ ئەنجام، بەڵام گەورەو جوان و شایستەی ئازارو قوربانیدان و بەشداری لەچالاکی سیاسی و گیان بەخشین و قوربانیداندا"
ماکان لەماڵێکدا لەتاران دەژیا، جگە لەئاغا رەجەب و منداڵەکانی و هاورێ نزیکەکانی گروپەکەی دژی شا، تێکەڵاوی کەسی نەدەکردو حەزی نەدەکرد، کەسیش بەکارەکانی بزانێت، بەڵام رۆژگاری ئەردەم بەکچێك ئاشنای دەکات.
کەلە زۆر بواری ژیان و عشق...جیاوازبون ئەویش (فەرەنگیسە).
"سەرئەنجام مامۆستا بە تابلۆیەك گشت ئەو عشق و یادگاریانەی نەخشاند تا دیاریەکی بۆ بنرێت و بۆی بسەلمێنێت کە فەرەنگیسی چەند خۆشویستوە، بەڵام سەرئەنجام مامۆستا بەدوو داخەوە مرد، ئەویش نە ئازادی هاتە دی و نە فەرەنگیش تا سەر بۆ ئەو بوو"
وا دیارە مامۆستا زۆر کەیفی بە وێنەی فەرەنگیس هاتوە، چونکە خۆی دەڵێ ئەوکاتەی خەیڵتاش وەزیری شا لێی پرسی! مامۆستا حەزناکەن وێنەیەکی شا بکێشن؟
-ماکان دەڵێ" نەخێر قوربان من وێنەی کەسانێك دەکێشم، کە کەیفم پێیان بێت و خۆشمبوێن))
مامۆستا تەبعی خۆی وابوو هەمووشتەکانی نهێنی بن، هەربۆیە کەس نەیدەزانی ئەو چاوانە هی چ کچێك، یان خۆشەویستێکی ئەون، بەڵام دواتر ئەو کەسە دەدۆزرێتەوە کەتابلۆی چاوەکانی بۆ کێشراوە، ئەویش فەرەنگیسەو لێرەوە لەناو رۆمانەکەدا فەرەنگیس دەکەوێتە گێرانەوەی بەسەرهاتی خۆی و عاشقبونی ماکان و بەسەرهاتی رۆژانەی گەنجی خۆی و کەیف و سەفاو رابواردن و سەفەرو گەشتەکانی بۆ پاریس.
فەرەنگیس خۆی ئەوە دەدرکێنێ، کەچەند کاریگەری مامۆستا ماکانی لەسەرە، و چۆن هیچ کەس وەکو ماکان نەچووەتە خوێنینەوە کەسیشی وەکو مامۆستا خۆش نەویستوەو قوربانییشی بۆ نەداوە، بەڵام ئامادەبوە هەموو شتێك بکات تەنها لەپێناو ئەوەی مامۆستا ماکان خۆشی بوێت و بڕوای پێبکات.
((ئەو شەوەی تابلۆکە دەچێتە ماڵی فەرەنگیس، لێی دەپرسن ئێوە خاوەنی ئەم چاوانەن؟ فەرەنگیس دەڵێ نەخێر وانییە ئەم چاوانە هی من نین))
"فەرەنگیس بۆ ئاغای چاودێری قوتابخانەکە دەڵێ" ئاغا من لەپێناوی ماکاندا هەموو شتێکی خۆم دانا، دەمتوانی شوویکەم، منداڵم هەبێت؟ بۆچی شومکرد هەر لەپێناوی ئەوداوە؟ بۆچی تەڵاقم وەرگرت هەر لەپێناوی ئەودا؟ بۆچی ئێستا بێکەس و بێ هاورێیم؟ هەر لەپێناوی ئەودا؟ دەزانن ئەم هەموو بەدبەختیە لەدڵی کەسێکدا پەنگبخواتەوەو دەروویەکی نەبێت چی دەگەیەنێت...؟!))
لەبەشێکی تری قسەکانیدا فەرەنگیس بەئاغای چاوەدێر دەڵێ"ئێوە سێهەمین پیاون کەوەختێ سەیرم دەکەن، هەست دەکەم چاو لەچاوم نابڕن و لەشی منتان ناوێت، ئەوانیش یەکەم مامۆستا، دووهەم تۆ، سێهەم کەسێك کە مامۆستا بەمنی ناساند"
فەرەنگیس لەشوێنێکی تردا دەڵێت" من بریتی بووم لە هەوەسبازی و رابواردن و کات بەسەربردن، بەڵام لەناوەوە هەمیشە خۆم بە بەدبەخت دەزانی و نەمدەزانی چۆن خۆم رزگاربکەم"
فەرەنگیس دەڵێ" خۆشترین لەزەت ئەگەر زۆر دوبارە بوەوە دەگۆرێ بۆ ئازارو موسیبەت"
لەم رۆمانەدا گوێمان لە ئیعترافی فەرەنگیس دەبێ، کە پڕن لە جوانترین وشەکان، پڕن لە زۆرترین قوربانی لەپێناو خۆشەویستەکەیدا بۆ (ماکان).
کەمن ئەو عاشقانەی، یان ئەو کچانەی ئەوەندە قوربانی ئەدەن و ئامادەن، هەموو ئیعترافێك بکەن تەنها و تەنها لەپێناو

عشقدا، بەلام فەرەنگیس ئازادانە و ئازایانە ئەم هەموو شتانە بەیان دەکات تا بزانین ئەوەی کە ماکان کردویەتی زۆر کەمە لەبەرامبەر عشق فەرەنگیس، بۆی تا ئەو رادەیەی دەست لەهەموو هەوەسبازی و سەفاو رابواردن هەلگرێت و شوویکات و تەلاق وەرگرێت و زۆرشتی تر، تەنها لەپێناو ئەوەی ماکان بروای پێبکات، بەلام دیارە فەرەنگیس لەبێ ئاکامبونی عشق و کۆتایی نەهاتنی شەرە جوانەکانی نێوانیان و لە تورەبونی لەژیان و لەتێروانینی لەبەرامبەر گەورەیی ماکاندا دەلێ" ئەم چاوانە هی من نین"

یان رەنگە واهەست بکات، چاوەکانی ئەم مامۆستایان بەوچارەنوسە گەیاندبێ، بەلام دیارە کە مامۆستا دەیەوێت لەچاوی فەرەنگیسەوە عشق و ستەم و چەساوندنەوەو رابردوو داهاتوو بەیان بکات .

هـەر بۆیە فەرەنگیس دەلێ" مامۆستاکەی ئێوە، تاقە خۆشەویستەکەی من، زۆر زولمی لەمن کرد"

هەرکەس رۆمانەکە دەخوێنێتەوە، تێدەگات فەرەنگیس دووئینسانی جیاوازە، جارێك پێش ئەوەی ماکان بناسێت هەوەسبازو بێ شخصیات و بەردەوام لەرابواردن و سەفەر، دوای ئەوەش کە ماکان دەناسێت کچێکی شۆرشگێر شەرافەت مەند و عاشق و قوربانیدەرو پاکیزەو بە ئەمەك و عاشقی مامۆستا .

بەداخەوە سیستەمی دیکتاتۆرو داپلۆسین و ئازارو ئەشکەنجە، هەرگیز نەیهێشت نەمامۆستا بژی و نەفەرەنگیس بەرامبەر پیاوێك و عاشقێك بەختەوەربێت و لەئامێزی گەرمیدا تامی بەختەوەری بکات"

فەرەنگیش دەلێ" ماکان تەنها بەیەك نیگا پەی بەگشت نهێنیەکان دەبردو هەر لەو یەکەم شەوەو لەسینەما هەستی بە شۆرشی روحـی من کـردو تابلۆی چاوەکانی لەوێوە دەستپێکرد))

فەرەنگیس دەلێ" لای من ئەوە مەترسی بوو، کە ئەو لەگەلمدا ساردبێت، بە زمانێکی رەسمی لەگەلمدا قسەبکات، ئامادەبوم خۆم فرێبدمە بەرپێی و دەست لەهەمووشت هەلگرم"

کـێ هەیە ئـەوەنـدە ئازابێت وەهـا ئیعتراف بکات، من دلنیام چەندە ئەو ئیعترافاتانە پەیوەندیان بە گەورەیی فەرەنگیسەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەستن بە گەورەیی عشق و گەورەیی ماکان.

زۆر عاشقبوونمان بینیوە، بەلام بەو رادەیەنا، بتوانێ هەموو شتەکانی ژیانی کەسێکی تر بگورێت، بۆیە ئینسان کاتێك عاشق دەبێت لەماناکانی ژیان تێدەگات و هەست و جودی دەخاتە خزمەت ئەو پرۆسەیە .

هەر بۆیە دواجار فەرەنگیس سەبارەت بە ماکان دەلێ" ماکان کەسێتیەکی سەیری هەبوو، یان دەبوو خۆشت بویستایە، یان پێتەوەبدایە...))

سەرەنج بدەن کچێك کەهەمیشە بەدوای تۆلەدا گەراوە لە پیاوان و کوران، و کەسێتەیەکی سادیزمانەی هەبوو، ئێستا ناتوانێ ئازاری ماکان بدات و تۆلەی کورەکانی تری لێبکاتەوە بە ناچاری پەنای بردوەتە بەر ئەوەی، خۆشی بوێت و کاتێك خۆشەویستیش شوێنی شتە ناشیرینەکان دەگرێتەوە، هەموو دونیا جوان دەکات.

لەبەشێکی تری رۆمانەکەدا، تێکەلاویونی فەرەنگیسە بەکاری سیاسەت و کاری نهێنیەوە، تا ئەوەی فەرەنگیس ئەرکی چاپکردنی بەیاننامە نهێنەکانی بدات و باوکیشی توشی کێشە بێت.

بەلام فەرەنگیس نایەوێت تامی ئازادی بکات و سیستمی سیاسی بروخێنێت و چالاکی نهێنی بکات و لەرێکخراوێکدا کاربکات و هەرگیز مەبەستی نەبوو، بەلام وەکو خۆی دەلێ" ئامادەی هەموو گیانبازی و فیداکاری بوم، تەنها لەپێناو رازیبونی ماکاندا".

هەر بۆیە دەلێ" ئای لەو شەوەی کە سەری هێناو چاوەکانمی ماچکرد، یەکسەر دەستم کردە ملی و لێوە وشکەکانیم بە لێوەکانی خۆمەوە نوساند و وتی" فەرەنگیس، فەرەنگیس؟" وتم "گیانەکەم...گیانەکەم"

فەرەنگیس دەلێ" ئەو ماچانە خۆشترین ماچی تەمەنم بوون، بەلام هەرگیز خۆم بەو ناکامی و بەدبەختیە نەبینیوە؟

چەندە گەورەیە ئەم درکاندانەی فەرەنگیس.

ئەم رۆمانە شایانی ئەوەیە، هەموو کەس بیخوێنێتەوە، چونکە یەکێکە لەکارە جوانەکانی عەلەوی، بەلام پریەتی لەناسکی و جوانی و عشق و کێشمەکێشی ژیان و سەرکوت و چەوساندنەوە.

بۆیە فەرەنگیس سەبارەت بەدواین چارەنوسی خۆیی و خۆشەویستەکەی مامۆستا ماکان کە لە زینداندایە دەلێ" ماکان لەژوورەکەی ئەو دیوو لەگەل سەرهەنگ ئارام، سەرۆکی ئاسایش قسەیاندەکردو منیش لەودیوەوە گوێم گرتبوو، دوایی لەگەل ئەفسەرێك و دووکەسی تر پەلیانگرت و بردیان بۆ زیندان، ئەوە دواین جاربوو بینیم، بەلام نمونەی ئافرەتی وەکو من زۆرن کە ژیانیان بووەتە قوربانی هەواو هەوەسی پیاوانی ئەم زلکاوە.

دواین قسەی فەرەنگیس لەم رۆمانەدا ئەوەیە کە دەلێ" مامۆستاکەی ئێوە بەهەلەدا چووە ئەم چاوانە هی من نین"

ئەوەی ماوە لەسەر ئەم رۆمانە بینوسم بۆ کاتێکی تر کەدێنێت زیاترو زۆرتر قسەی لەسەر بکرێت.

سوپاس و پێزانینم بۆ ئازادبەرزنجی کە یەکێك لە جوانترین کارەکانی بوزوگی عەلەوی وەرگێراوەو چاپکردنەوەشی بۆ جاری شەشەم و حەوتەم ئاماژەیەکن بۆ چاکی رۆمانەکەو جوانی وەرگێرانەکەی.

*** لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری چاودێر وەرگیراوەتەوە**